# سوور بوون لەسەر ئەوەی موسڵمان ڕێگای ڕاست بگرێتە بەر هۆکارە بۆ جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

الحرص على أن يسلك المسلم طريقاً صحيحاً من وسائل الثبات على دين الله

< kurdish - كردي - کوردی >

شێخ محمدی کوڕی صالحی المنجد

الشيخ محمد بن صالح المنجد

وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# سوور بوون لەسەر ئەوەی موسڵمان ڕێگای ڕاست بگرێتە بەر هۆکارە بۆ جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

تاکە ڕێگای ڕاست ودروست کە واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك بیگرێتە بەر، ڕێگا وڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە، ڕێگا وڕێبازی طائفەی سەرکەوتوو، وە دەستەی ڕزگار بووە، ئەوانەی خاوەنی بیروباوەڕێکی بێخەوش ومەنهەجێکی سەلیم، وشوێنکەوتەی سوننەت ودەلیلن، ئەوانەی کە زۆر جیاوازن لە دوژمنانی خوا و ئەهلی باطل.

وە ئەگەر ئەتەوێت نرخی ئەو جێگیری و ثەبات بوونە بزانیت لەسەر ئاینی خوای گەورە، ئەوا چاك بیر بکەرەوە و لەخۆت بپرسە: ئایا لەبەرچی زۆرێك لە خەڵکی لە پێشتر و ئێستا و داهاتوویش گومڕا وسەرگەردان بوون، وجێگیر و ثابت و بەردەوام نەبوون لەسەر ڕێگای ڕاست و لەسەریشی نەمردن و وەفاتیان نەکرد، یان پاش ئەوەی زۆربەی زۆری تەمەنیان تێپەڕاند وهەموو کاتە بەنرخەکانی تەمەنیان بەهەدەر دا، ئەمجا ئەو بانگەوازە ڕاست ودروستەیان پێ گەیشت.

بۆیە کەسانێك دەبینیت سەرگەرمی بیدعە وگومڕایی خۆیەتی لە فەلسەفە بۆ عیلمی کەلام و بیری ئیعتزال، و لەوێشەوە بۆ لادان و تەئویلی نادروست و بیری تەفویض و ئیرجاء، لە ڕێچکە وڕێبازێکی تەصەوفەوە بۆ ڕێچکە وڕێبازێکی تریان، هەموو ئەمانە بەڵگە وشاهیدن لەسەر

سەرگەردانی ئەو جۆرە کەسانە، هۆکارەکەیشی هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو جۆرە کەسانە پابەند نەبوون بە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت وپێشینانی صالحی ئومەتی ئیسلامەوە.

هەر بەو شێوە ئەهلی بیدەع سەرگەردان وسەرلێشیواون، سەرنج بدە ئەوانەی سەرگەرمی عیلمی کەلام بوون بەچی شێوەیەك لەسەرە مەرگدا چۆن مەحروم بوون لە ثەبات و ووتنەوەی ووشەی تەوحید وئیخلاص، پێشینان ووتویانە: زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لەسەرەمەرگدا دوو دڵ و بەگومان بوون ئەوانە بوون کە شوێنکەوتەی عیلمی کەلام بوون، لەبەرامبەردا بیر بکەرەوە وبزانە ئایا هیچ کەسێك لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت پاش ئەوەی بە باشی لەو ڕیبازە تێگەیشت ئایا هیچ کەسێکیان سەرگەردان وگومڕا بووەتەوە ؟ دەکرێت هەندێك جار لەبەر هەواو وئارەزوو و هەندێك گومان وشەهواتی کە بۆی دێنە پێش وازی لەو ڕێبازە هێنا بێت، بەڵام هەرگیز لەبەر ئەوە نەبووە لەو ڕیبازە ڕاست ودروستی بەدی کردووە، یان پووچ وبەتاڵی ئەو ڕێبازەی بۆ دەرکەوتبێت.

باشترین بەڵگەیش لەسەر ئەم مەسئەلەیە ئەم ڕیوایەتەیە کە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی سەبارەت بەوەی کاتێك هێرەقلی پاشای ڕۆم پرسیاری کرد لە ئەبو سوفیان سەبارەت بە شوێنکەوتوانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) : " قال هرقل لأبي سفيان: " فهل يرتد أحد منهم سخطة لدينه بعد أن يدخل فيه ؟ " قال أبو سفيـــان: لا. ثم قال هرقـــل: " وكذلك الإيمان حين تخالط بشاشته القلوب "

[ رواه البخاري، الفتح 32/1 ] .

واتا : هێرەقل ووتی بە ئەبو سوفیان : ئایا هیچ کەسێك لە شوێنکەوتوانی موحەمەد پاش ئەوەی دێنە ناو دینەکەیەوە هیچ کەسێکیان هەیە لەبەر ناڕێکی دینەکەیان لە ئاینەکەیان پاشگەز ببنەوە ؟ ئەبو سوفیان ووتی : نەخێر ؟ پاشان هێرەقل ووتی: باوەڕ بەو شێوەیەیە کاتێك شیرینی وخۆشی تێکەلاوی دڵ ودەروون بوو، مەحاڵە وازی لێ بهێنرێت.

زۆرمان بیستووە لە سەرگەورە و گەورە زانایانی ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە لە نێو ماڵ و خانەکانی بیدەعدا هاتوچۆیان بوو، زۆرێکیان بە سەرگەردانی و گومڕایی سەریان نایەوە وگەڕانەوە بۆ لای خوا، وە هەندێکیشیان خوای گەورە هیدایەتی دان و ڕێنومایی کردن بۆ سەر ڕیبازی هەق وڕاستی، و وازیان هێنا لەو ڕێچکە باتڵەی لەسەری بوون، وپابەند بوونی خۆیان ڕاگەیاند بە ڕیبازی ئەهلی سوننەت وجەماعەتەوە ئەویش لەبەر ئەوە ئەوەی لەسەر بوون تووشی دڵە راوکێ و ناجێگیری و گومانی کردبوون، بەڵام ئایا هیچ کاتێك بیستووتانە کەسانێك لەبەر هەمان هۆکار وازیان لە ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت هێنابێت، بێگومان نەخێر، چونکە دەگمەنە کەسێك بیروباوەڕی ڕاست ودروست لە دڵ ودەروون وناخیدا ڕەگی داکوتابێت، کەچی پاشان وازی لێ بهێنێت و گەردنگیری ڕێچکەی ئەهلی باتڵ و دەستە وتاقمە گومڕاکان بووبێت، بۆیە ئەگەر دەتەوێت دامەزراو و ثابت و جێگیر بیت ئەوا پابەندی ڕێبازی باوەڕدارانی ڕاستەقینە ببە.

بۆیە زۆر پێویستە مرۆڤی باوەڕدار هەمیشە لە خەمی بیروباوەڕەکەیدا بێت، هەوڵ بدات بزانێت قورئان و سوننەتی صەحیح بە تێگەیشتنی هاوەڵان پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) وسەلەفی صالح داوای چیی لێدەکات بێکەم وزیاد جێ بەجێیان بکات بە پێی توانی خۆی، وە ئەوان بەچی شێوەیەك لە قورئان وسوننەت گەیشتون، لە ڕێبازی ئەوان لا نەدات، ، چونکە سەرەنجامی خۆی پێوە بەندە لە پاشە ڕۆژ وقیامەتدا .

داواکارین لەخوای گەورە ومیهرەبان ثابت ودامەزراو وبەردەوامان بکات لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕێبازی ئەهلی سوننەت وجەماعەت. ئامین یارب العالمین ..

وصلی وسلم علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم